# لەیلان: خراپی ڕێگەوبان کارەسات دروست دەکات

ڕۆژی ٢٠٠٨/٦/٢ کاتژمێر ١٠سەر لەبەیانی لە جادەی گشتی نێوان کەرکوک_لەیلان دوو ئوتومبێلی جۆری ئۆپڵ دایان بەیەکا، لە ڕوداوەکەدا هەر دوو شۆفێرەکە گیانیان لەدەست دا.
جێگەی ئاماژەیە کە جادەی نێوان کەرکوک_لەیلان جادەیەکی کۆنە و یەک سایدە بەهۆی کارگەی چیمەنتۆی لەیلانەوە قەرەباڵغیەکی زۆری لەسەرە کە بۆتە هۆی دروست بوونی چەندین ڕوداوی دڵتەزێن لەسەر ئەو جادەیە.لەماوەی یەک مانگی رابردوودا ئەمە سێیەمین ڕوداوی لەو جۆرەیە کە ترسناکترینیان پێکدادانی گەلابەیەکی مان و ئوتومبێلێکی بی ئێم بوو کەسی تیادەرنەچوو هەروەها چەندین جار خەڵکی ناوچەکە نارەزاییان بەرزکردۆتەوە بۆ بەڕێوەبەری ناحیە و پارێزگاری کەرکوک بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆئەو ڕوداوانە بەڵام تائێستا هیچ کارێکی بەرچاوی ئەوتۆ نەکراوە کە چارەسەری ئەو ڕەوشە بکات.

# قوشتەپە: دەیانەوێ بە فێڵی پاشوەخت خانووێک بڕوخێنن

کەسێک بە ناوی (م.و) لە قەزای (قوشتەپە) لەنزیک ماڵەکەی خۆیدا دەست دەخاتە سەر پارچە زەوێکی چۆڵ و خانووی لەسەر دروست دەکات.
بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو کەسە دوای ئەوەی لە شارەوانی بەدواداچوونی بۆ کردووەو بۆی دەرکەوتووە کە ئەو پارچە زەویە بێخاوەنە، ئیدی چەند ساڵی پێش دەستی لەسەر دادەنێ و خانووی لەسەر دروست دەکات، کەچی لەهەفتەی رابردوودا ژنێک دەچێ و داوای زەویەکە دەکات و دەڵێ لە ڕێگەی دەزگەی شەهیدانەوە ئەم پارچە زەویەم بۆ دەستنیشان کراوە، بەڵام ئێستا دەبینم خانووی لەسەر دروست کراوە، بۆیە دەبێ بە زووترین کات چۆلی بکەیت و خانووەکەش بڕوخێنیت، بەوهۆیەوە خاوەن خانوو جارێکی دیکە دەچێتەوە شارەوانی و بە دواداچوون دەکات، بۆی دەردەکەوێ کە هەمووی چەند رۆژێکە ئەم پارچە زەویەیان بەو ژنە داوە، ئیدی ئەویش ئامادە نابێ چۆلی بکات، چونکە بەگوێرەی یاسا ئەگەر وڵاتییێک بەزێدەڕۆ خانووی لەسەر زەوی شارەوانی دروست بکات و ماوەیەکی زۆری بەسەر تێپەڕ ببێ و شارەوانی پێینەزانێ و ئیجرائات وەرنەگرێ، دەبێ بەناوی بکرێ، بەوهۆیەوە شارەوانی ناچار دەبێ کە ٧٥٠٠ دۆلاری لێ بسێنێ و زەویەکەی لەسەر تاپۆ بکات و لەشوێنێکی دیکەش قەرەبووی ژنەکە بکەنەوە.

# قەڵادزێ: لە پەروەردەی قەڵادزێ نووسراوی وەزارەت ڕەت دەکاتەوە

بە پێی نوسراوی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەری خوێندنگەی بنەڕەتی دەبێت هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت، بەڵام بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی قەڵادزێ بۆ دامەزراندنی بەڕێوەبەر پاساویان هێناوەتەوە و گوتویەتی: لەسەر بنەمای خزمەت و لێهاتویی و کەسایەتی دەبێت ئەگەر مامۆستاکە دەرچووی پەیمانگەش بێت، بەوهۆیەوە کێشە لە نێوان مامۆستایان و پەروەردەی دەڤەرەکە دروست بووە.

# هەولێر: زێڕینگەرێک خۆی دەکوژێ

کاتژمێر ١٦ی رۆژی ٦-٦-٢٠٠٨ زێڕینگەرێکی دانیشتووی شاری هەولێر گوللەیەکی لە خۆی داو کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.
بەگوێرەی زانیاریەکان قوربانیەکە ناوی (هە.ع) بووەو کاری زێڕینگەری کردووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی قەرزێکی زۆری لەسەر کەڵەکەبووەو نەیتوانیوە بیداتەوە، بەتایبەتیش کە یەکێک لە هاوکارەکانی مشتومڕی لەگەڵدا کردووەو سوکایەتی پێکردووە، ئەویش هەرەسی هێناوەو پەنای بۆ خۆکوشتن بردووە.

# کەم ئاوی تەنگ بە دانیشتووانی گوندەکان هەڵدەچنێ

بەهۆی وشکە ساڵی و رۆچوونی ئاو بۆچینی خوارەوە، ئەمساڵ کەم ئاوی بەرۆکی کوردستانی گرتووە، بەتایبەتیش دانیشتووانی گوندەکانی گەرمیان و دەشتی هەولێرو دەڤەری بێتوێن بەتەواوی هەراسان و نیگەران بوونە، نەک ناتوانن ئاو بۆ بێستان و ئاژەڵەکانیان دابین بکەن، بەڵام وەکو پێویست ئاوی خواردنەوەشیان نیە. بەوهۆیەشەوە لایەنە پەیوەندیدارەکان ناچار بوونە کە بەدوای چارەسەرێک بگەڕێن، دەنا تەواوی گوندە ئاوەدانکراوەکان چۆل دەبنەوە، ئەمەش کارەساتێکی دیکەی لێدەکەوێتەوە.
لەپێوەند بەو مەسەلەیە، سەرچاوەیەک لە چەمچەماڵەوە بە رۆژی گەلی ڕاگەیاند کە بەرپرسانی ئیداری ناچاربونە تانکەر بە کرێ و بگرن، هەرچەندە ئەمە چارەسەر نیە، بەڵام دیسانیشەوە هەنگاوێکی فریاکەوتنەوەو دەکرێ بۆ کاتی سوودی هەبێ. سەرچاوەکە ئاشکرای کرد کە بەرنامەڕێژی کراوە تا هەر گوندێک لە هەفتەیەکدا جارێک بە تانکەر ئاوی بۆ رەوانە بکرێ.
لەلایەکی دیکەشەوە لەدەڤەری حاجیاوا سەرچاوەیەک بە رۆژی گەلی راگەیاند کە دوو بیری ئاو بۆ گوندی کفرەدۆڵ و یەک بیر بۆ گوندی پوکەی سەرو و بیرێکی تر بۆ گوندی کانی توان لێدەدری، لەگەڵ دابینکردنی ٢ موەلیدەی ٦٠ کەی ڤی بۆ بیرەکانی گوندی کانی ماران و فراوانکردنی تۆڕی ئاوەکەیان.

# هەندێ حزب پارەی تەلەفۆنی بارەگاکانیان نادەن

سەرچاوەیەکی نزیک لە بەڕێوەبەری تەلەفون و گەیاندنی ڕانیە ئاشکرای کردووە کە حزبەکان و وڵاتیانی ڕانیە نزیکەی (٥٧٠) ملیۆن دینار پارەی تەلەفۆن قەرزارن، زۆربەی قەرزەکانیش هی بارەگای حزبەکانە.
سەرچاوەیەکە دووپات دەکاتەوە کە دوو حزب کە لەوانەی ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسیەکانی کوردستانن ماوەی پێنج ساڵە یەک دینار پارەی تەلەفۆنیان نەداوە، یەکێک لەبارەگای ئەو حزبانە (٧٠٠٠٩٧٨) دینارو یەکێکی دیکەشیان (١٠٠٠٣٣١) قەرزارە.
سەرچاوەکە جەخت دەکاتەوە کە بەڕێوەبەرێتی گەیاندن زیاتر لە پەنجا جار ئاگاداری کردوونەتەوەو داوای لێکردوون کە کرێی تەلەفۆن و قسەکردن بدەن، کەچی ئەوان هەر وەڵامیشیان نەداوەتەوە.

# بەبیانۆی کەمی دەرامەت، نرخی ئاوو کارەبا زیاد دەکرێ

لە هەفتەی رابردودا ژمێریارەکانی فەرمانگەکانی ئاو و کارەبای شاری کەرکوک کاتێک کە پسولەی سەرفیان بەسەر ماڵاندا دابەش کردوە، پێیانڕاگەیاندوون لە مانگی داهاتوو نرخەکان سێ ئەوەندە زیاد دەکات، چونکە دەرامەت کەمە و بەشی موچەی فەرمانبەران و ئاوەدانکردنەوەی کەرکوک ناکات.
هەرچەندە تا ئێستا بە فەرمی هیچ نووسراوێکی لەم بابەتە بڵاو نەبۆتەوە، بەڵام لە ئاکامی ئەم ئاگادارکردنەوەیە، نارەزای و مقۆ مقۆیەکی زۆری لەناو وڵاتیان دروست بوو. هەندێک لە دانیشتوانی گەڕەکەکان یەخەی ژمێریارەکانیان گرتبوو، پێیانگوتبوون: چما ئێمە ئاوو کارەبامان هەیە، تا نرخەکەی بکەن بە سێ ئەوەندە؟! جارێ سەعاتی ئاومان بۆ دابنێن، ئەوسا نرخەکەی زیاد بکەن؟! پێش ئەوەی نرخی ئاوو کارەبا زیاد بکەن، بڕۆن کارەبای فول و تەجاوزی ماڵی بەرپرسەکان ببڕن.
بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کە دەست هەفتەنامەی رۆژی گەل کەوتوون، خەڵکی کەرکوک چاوەڕوانی ئاکامی ئاگادارکردنەوەکە دەکەن، ئەگەر راست دەربچێ، لەوانەیە نارەزایی بەرفراوانی لێبکەوێتەوەو لە دژیدا رابوەستن.

# فەرمانگەی نفوسی لەیلان مانگانە ١٥ ڕۆژ دەوام دەکات

فەرمانگەی نفوسی لەیلان کە تۆمارگەی دەیان گوند و ناحیەکەی خۆی و بەشێک لە ناحیەی شوان و قەرەهەنجیری بەسەردا دراوە و ئیش و کارێکی زۆر زۆریان بەسەردا کەوتوە، کەچی هەر بە بڕیاری خۆیان، رۆژی سێ شەممان دەوام ناکەن ، ئەمە بێجگە لەوەی کە ڕۆژانی هەینی و شەممە پشووی فەرمیەو دەوام ناکرێ، هەروەها پێنج شەموانیش نیو دەوام دەکەن. ئیتر ئەگەر لێکدانەوەی بۆ بکرێ، دەردەکەوێ کە هەفتانە سێ رۆژ و نیو دەوام دەکەن، مانگانە دەکاتە ١٥ رۆژ.
جێگەی ئاماژەیە کە دەیان جار خەڵکی نارەزاییان دەربریوە و چەند جارێکیش خۆپیشاندان و شەر لە نێوان خەڵک و فەرمانگەی پۆلیسی ئەو ناحیەیە دروست بووە، کەچی تائێستا رەوشەکە وەکو خۆی ماوەتەوە. بەوهۆیەشەوە کێشەو گرفت و دەردەسەری گەورە بۆ ئەوانە دروست دەبێ کە ڕێیان بەو فەرمانگەیە دەکەوێ، چونکە بۆ تەنیا واژۆێک دەبێ چەند سەعات و رۆژێک نۆرە بگیرێ تا بەریان دەکەوێ.

# چەند کەسێک دەسووتێن

ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/٣١ لە گەڕەکی کاوەی ناحیەی چوارقوڕنە، ژنێکی تەمەن (٢٦) ساڵ بەناوی (بێ. ئە) بەهۆی گڕگرتنی پەرەمێزەوە لە گەرماوەکەیاندا ئاگری تێبەر دەبێ، هاوسەرەکەی بەناوی (هێ. خ) بە هانایەوە دەچێ، بەڵام ئاگر لەجەستەی ئەویش بەردەبێ، وێڕای ئەوەی هەردووکیان ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێن، بەڵام لەبەر سەختی سوتانەکە ژنەکە لە نەخۆشخانە گیان لەدەست دەدات، بەڵام پیاوەکە برینەکەی کەمتربووەو ئومێدی چاکبوونەوەی لێدەکرێ.
ڕۆژی ٢٠٠٨/٦/٢ کچێک بەناوی (ژ. ج) تەمەن (٢١) ساڵ بەهۆی هەڵە بەکارهێنانی بەنزین لەجیاتی نەوت لە ماڵەکایاندا دەسوتێت و دواتر ڕەوانەی نەخۆشخانەی سلێمانی دەکرێت، بەهۆی سەختی برینەکەی ڕۆژی (٢٠٠٨/٦/٣) گیان لەدەست دەدات.
ڕۆژی ٢٠٠٨/٦/٢ لە شارەدێی سەروچاوەی سەر بە ڕانیە ژنێکی تەمەن (٢٧) ساڵ بەناوی (ئا.ح)، بەئاوی گەرم لە گەرماوی ماڵەکەیاندا بەڕێژەی (٧٠%) ی جەستەی دەسوتێ، بەڵام سووتاوەکە ڕەوانەی نەخۆشخانە ناکری و لەماڵەوە بە دەرمانی کوردەواری هەوڵی چارەسەرکردنی دەدرێ، بەوهۆیەوە برینەکەی سەختر دەبێتەوە، دواتر لەسەر داوای خۆی دەیبەنە نەخۆشخانە، پاش ئەوەی سێ ڕۆژ لە نەخۆشخانەی ڕانیە لەژێر چاودێری پزیشک دەمێنێتەوە، گیان لەدەست دەدات.
رۆژی ٣-٦-٢٠٠٨ وڵاتییێک بەناوی (ع.ع) تەمەن سی ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی کوێستانی شاری هەولێر، لەکاتێکدا ویستویەتی بەبەنزین مەکینەی سەیارەکەی پاک بکاتەوە، لەبەر گەما بەنزین ئاگری گرتووە، بەوهۆیەوە جەستەی دەسووتێ و بەپەلە ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێ، بەڵام چونکە ڕێژەی سووتانەکەی کەمتر لە ٣٥% بووە، مەترسی مردنی لەسەر نەبووە.
رۆژی٤-٦-٢٠٠٨ فیرخوازێکی شارۆچکەی سەنگەسەر بەناوی (چ.ع) تەمەنی (١٩) ساڵ، بەهۆی هەڵە بەکارهێنانی بەنزین لەجیاتی نەوت لە ماڵەکایاندا دەسوتێت و دواتر ڕەوانەی نەخۆشخانەی ڕانیە دەکرێت، بەهۆی سەختی برینەکەی ڕۆژی (٢٠٠٨/٦/٥) گیان لەدەست دەدات.
شەوی ٤-٦-٢٠٠٨ ماڵی وڵاتی (م. ج) هەڵکەوتوو لە شارەدێی سەنگەسەر بەهۆی شۆرتی کارەبایی سەیارەکەیانەوە ئاگری تیبەربوو, وێڕای زیانی ماڵی، منداڵێکی تەمەن ١٠ساڵەش سوتا.
بەگوێرەی زانیاریەکان سەیارەکەیان لەنێو حەوشەکەیان رادەگیرێ کە زیاتر لە ٧٠ دەبیە سووتەمەنی تێدابووە، لەئاکامی شۆرتی کارەباییەوە سەیارەکە گڕ دەگرێ، دواتر سووتەمەنیەکانش دەسووتێن، بەوهۆیەوە ئاگرێکی گەورە دەکەوێتەوە، بەشی زۆر ماڵەکەیان دەسووتێنێ و منداڵێکی تەمەن دەساڵەش دەسووتێ.
رۆژی ٥-٦-٢٠٠٨ لە ئاکامی ئاگرکەوتنەوەدا ژنێکی تەمەن پەنجا ساڵ بەناوی (ش.ر) ئاگری تێبەر دەبێ و ب ەڕێژەیەکی زۆر جەستەی دەسووتێ.
بەگوێرەی زانیاریەکان لە شاری خەلیفان دا ژنێکی تەمەن پەنجا ساڵە خەریکی چێشت لێنان بووە، تەباخ کڵپەی کردووەو دەبیەک بەنزین لە نزیکی تەباخەکە بووە ئەویش لەبەر هاڵاوی گەرمی گڕ دەگرێ، بەوهۆیەوە ئاگر دەکەوێتەوە و جەستەی ژنەکە دادەگرێ، هەرچەندە بەهاوکاری ئەندامانی خێزانەکەیان زوو ئاگرەکەیان خامۆش کردۆتەوەو ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شاری هەولێریان کردووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە سووتانەکەی زیاتر لە ڕێژەی ٧٠% بووە، ئومێدی ژیانی نەبووە.

# کەرکوک: لە نزیک مەفرەزەیەکی پۆلیس، کەسێک گوللە باران دەکرێ

کاتژمێر١٥:١٤ی رۆژی ٢٠٠٨/٦/٢ لەبەردەم مزگەتی (طارق سەراف)، لەگەرەکی غەرناتەی شاری کەرکوک، لەسەر جادەی بەغدا چەند کەسێکی نەناسراو لەناو ئوتومبێلێکی جۆری ئۆپڵ دادەبەزن و پیاوێک کە بە خۆی و دوو منداڵیەوە لەوێ راوەستابوون بانگ دەکەن و لە منداڵەکانی جیای دەکەنەوە و لەبەرچاوی ئەوان و خەڵکێکی زۆر گوللەبارانی دەکەن و دەڕۆن، مەفرەزەیەکی پۆلیس کە ئوتومبێلێکی جۆری شۆفرلێتیان پێبوو نزیکەی (٢٠٠_٢٥٠)م لە ڕوداوەکەوە دور بوو ئاگادار دەکرێتەوە هەتا بەهانایانەوە بچن بەڵام فەرماندەی مەفرەزەکە دەڵێت من هیچ فەرمانێکی حاکمم پێ نییە هەتا دوایان بکەوم لەبەرئەوە هەقمان نییە چونکە ئەگەر توشی کێشەیەک بووین یان پۆلیسێکمان شەهید بوو کێ بەرپرسە لەڕوداوەکە و کێ بەرپرسیاریەتیەکە دەگرێتە خۆی لەبەرئەوە بچن فەرمانمان بۆ بهێنن هەتا ئێمەش دوایان کەوین ئەگەر لە حەویجەش بن، بەڵام ئەوانەی گوللەبارانکردنی قوربانیەکەیان بینی بوو، زۆر نیگەران و داخبار بوون و بێزاری خۆیان لە مەفرەزەکە دەربڕی بوو، پێیانگوتبوون: بەم شێوەیە سەرو ماڵی خەڵک دەپارێزن؟! ئەگەر پاراستن وابێ، پیویستمان بە ئێوە نیە.

# هەواڵی سەیر

**لە** شاری کەرکوک سێ یەکێتی جوتیاران هەیە، یەکێتی جووتیارانی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی جووتیارانی سەر بە یەکێتی و یەکێتی جووتیارانی سەر بە حکومەتی بەغداد.
ڕۆژی چوارشەممە ٢٠٠٨/٦/٤ کۆمەڵێ جوتیار دەچنە یەکێتی جوتیارانی سەر بە حکومەتی بەغداد کە دەکەوێتە نزیک کۆلێژی زانستی زنکۆی کەرکوک. بەهۆی ئەوەی کە ئەوان ماوەی دوو ساڵ و نیوە ئوتومبێلیان لە ڕێگای ئەوانەوە وەرگرتووە بەڵام ژمارەی یاساییان پێنەدراوە، لەگەڵ سەرۆکی یەکێتیەکە لێیان دەبێ بە مشتومڕ، جوتیارەکان دەڵێن دەچینە لای کاک عەبدولڕەحمان مستەفای پارێزگاری کەرکوک و شکات دەکەین. فەرمانبەرێکی ژن بەگاڵتەوە بە جووتیارەکان دەلێ: پارێزگار نەتوانێ موحاسەبەی موزەفێک بکات، ئیتر لەبەرانبەر ئەم بەرپرسە چی پێ دەەکرێ؟! ئێوە کەیفی خۆتانە چاوەرێ دەبن باشە،چاوەرێ نابن چی دەکەن بیکەن.
**دوای** ئەوەی کە پێشنیارەکانی دیمۆستۆرا ئاشکرا کران و دەشخوازێ کە قەراج و مەندەلی و بەرتلە لەهەنگاوی یەکەمدا بدرێنە ناوەند، ئیتر بەرپرسان باس لەوە دەکەن کە ریفراندۆم لەسەر خاکی خۆت ئەنجام نادرێ، هەر لەم بارەیەوە قایمقامی قەزای مەخمور دەڵێ کەبەهیچ شێوەیەک بە پێشنیازەکەی (ستیڤان دیموستورا)ی نوێنەری تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان رازی نابین و قەراج خاکی بە پیتی هەرێمی کوردستانە و تەنات عەرەبەکانی ئەو ناوچەیەش بەمە رازی نابن!!
**ڕۆژی** ٥-٦-٢٠٠٨ لانکرۆزەرێکی سپی جام رەشی بێژمارە لە شەقای گوڵانەوە بەرەو چوارڕیانی عەنکاوە دەرۆیشت، هێندە خێرا دەڕۆیشت خۆی بۆ کۆنترۆڵ نەکراو خۆی کێشا بە سەیارەیەکی ئۆپل ئۆمێگ کە لە پێشیەوە دەرۆیشت، شۆفیری ئۆپڵەکە رایگرت، وایزانی کە ئێستا شۆفێری لاندکرۆزەرەکە دێتەخواری و داوای بوردنی لێدەکات، بەڵام لەهیکەوە چەند چەکداریک هاتنە خوارێ و چینێکی خۆشیان لە شۆفێری ئۆپڵەکە دا و تۆمەتباریان کرد کە بۆچی ڕێگەی نەرنەداون. خەڵکی کەوتنە نێوانیان و کابرایان لەدەست دەرهێنان، سەرباری ئەوەشەوە شۆفێری ئۆپڵەکە مەمنوون بوو، چونکە دەترسا نەوەک بە ناوی تیرۆریست بیگرن و رەوانەی زیندانی بکەن.
**دوای** ئەوەی ستیڤان دیمۆستۆرا پێشنیارەکانی خۆی بۆ هەنگاوی یەکەمی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بڵاوکردەوە، دەرکەوت کە زۆرچۆتە سەر پشتی کورد، هەروەها عەرەب و تورکمانەکانیش پێی شادومان بوون، کەچی ئەندامێکی لیستی برایەتی لە ئەنجوومەنی پارێزگاری کەرکوک رۆژی ٦-٦-٢٠٠٨ لە دیدارێکیدا گوتویەتی: ئێمە ناتوانین هیچ سەبارەت بەو پێشنیارانە بڵێین چونکە ئەو باسی دیالەو موسڵ دەکات، ئێمەش لە پارێزگای کەرکوکین!!!
**شاندێکی** گروپی گەنجانی بوێری گەرمیان بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەو کەم و کوڕییەکانی گەنجان، سەردانی پەرلەمانی کوردستانیان کرد، دواتر (بەهائەدین کەمال) ئەندامی دەستەی گروپی گەنجانی بوێر کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی لە کەلار سازکرد، باسی لەوە کرد کە تەواوی پێشنیارەکانی گروپەکەیان لەلایەن پەرلەمانەوە پشتیوانی لێکراوە.
لیژنەی دارایی و ئاوەدانکردنیەوەی پەرلەمانی کوردستان پشتیوانی لەوە کردووە کە سولفەی هاوسەربەندی بکرێ بە دوو ملیۆن دینار، پشتیوانی خۆی پێشانداوە تا یەکەی نیشتتەجێبوون بۆ ئەو گەنجانە دابین بکرێ کە ژیانی هاوسەرێتی پێکدەهێنن، هەروەها پشتیوانی لەوە کردووە کە ئەگەر سەرمایەدارێک لە ڕێگەی کۆمپانیای خۆیەوە کەلوپەلی ناوماڵ بۆ ئەوانە دابین بکات کە ژیانی هاوسەرێتی پێکدەهێنن!
شاندەکەی گروپی بوێر تەنیا باسیان لە پشتیوانیەکانی پەرلەمان کردو ئاشکرایان نەکرد کە پەرلەمان بۆ خۆی چ پڕۆژەو بڕیارێکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەنجان هەیە؟! چۆن ژیانێکی شیاو بۆ گەنجان مسۆگەر دەکەن؟!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com